**ئایا ئیسلام دەوڵەتی کوردی لەناو برد؟:**

**د. حسن پێنجوێنی**

لەم رۆژانەدا لەئەرشیفی نووسراوەکانمدا بەشوێن بابەتێکدا دەگەڕام، بەڵام نوسراوێکم دییەوە کە بیست و شەشساڵ لەمەو بەر، لەشاری کوەیتەی پێتەختی بلوچستاندا نووسیبووم، ئەویش موناقەشەیەکە لەنێوان پیاوێکی پڕکراو بەدوژمنایەتی ئیسلام، ومامۆستایەکی ئاینیدا، کە هەردوویان لەئاهەنگێکی ژن مارە بڕیندا کەوتبوونە یەک.. چونکە لە ٥/٢٥ دا رووی دابوو، پێم خۆش بوو هەر لەهەمان رۆژدا بیخەمە بەرچاو خوێنەرانی پەیجەکەم..

**پێشەکی :**

دوای کیمیا بارانەکەی هەڵەبجە خەڵکێکی زۆر لە پەنابەرە کوردەکانی عیراقی کە لە ئێران بوون روویان کردبووە پاکستان، چونکە دەفتەری سازمانی نەتەوە یەک گرتووەکان لەپاکستاندا، بەپەنابەر وەری دەگرتن و دەیناردن بۆ وڵاتانی رۆژ ئاوا.. ئێمەش کە رۆیشتین بۆپاکستان، دیمان نزیکەی دوو سەد ماڵێک پەنابەری کوردی عیراقی لێیە، جگە لە عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوور. جگە لە ئێرانییەکان کە زۆربەیان فارس بوون. ئەمانەش رووگەی فیکرییان جیاواز بوو، پارتی و یەکیەتی و سۆشیالیست، و کۆمۆنیست، ژمارەیەکی زۆر کەم یەکگرتوویش.. یەکێ لەخێزانە کوردەکانی عیراق کە ئاهەنگێکی ژن مارە بڕینی سازکردبوو، ئێمەشی دەعوەت کردبوو.. ئەم بابەتەش رووماڵی ئەو وتوو وێژەیە کە لەوێدا رووی دا.. لەبەر ئەوەی خوێنەرانی فەیسبووک تاقەتی بابەتی درێژیان نییە، ناچار بووم بە ئەڵقە ئەڵقە پێشکەشی بکەم ..

## ئیسلام و کورد:

## بەشی یەکەم

### (١)

بەپێویستم زانی ئەوەی لەو ئاهەنگەدا رووی دا بەلای کەمەوە هەندێکی بخەمە بەردەم خوێنەران تابزانن چۆن دوژمنانی ئیسلام چەندەها گومانیان لەدڵی رۆڵەی نەتەوەکەماندا دروست کردووە، بێ ئەوەی فڕی بەسەر حەقیقەت و واقیعەوە هەبێ، هیوادارم سوودی بۆهەموان هەبێ، فەرموون ئەوە ئێوەو ئەوەش رووداوەکە:

رۆژێك لە ئاهەنگێکی ژن مارەبڕینا دانیشتبووین، و کۆڕەکەش هەمەجۆر بوو، یەکێك لەدانیشتوان رووی کردە یەکێك لە مامۆستاکان و گوتی: مامۆستا! وابزانم شایەت دەبێ عادڵ و بێگوناهـ بێت، و بەناشکوری نەبێ بەشی زۆری ئێمەش لە ئیسلام دوورین!!

مامۆستاش گوتی: ئینشائەڵڵا شایەتمان دەست دەکەوێ، و لەوبارەوە دانامێنین، و ئەوانەش کە لە ئیسلام دوورن بارودۆخێکی تایبەت وای لێکردوون، وئەگەر بوارێکیان بۆ رێبکەوێ – ئینشائەڵڵا – هەموو بۆ باوەشی گەرمی ئیسلام دەگەڕێنەوە، چونکە ئەوەی کە لەناو ئێمەدا زۆر داخ لەدڵە بەرامبەر بە ئیسلام من وا نازانم بەهۆی تێگەیشتنیەوە بێت، یا چوار کتێبی لەبارەی ئیسلامەوە خوێندبێتەوە و رقی لە ئیسلام داهاتبێ!! بەڵکو بەهۆی رقبوونیەوە لەو خەڵکەی کەلەسەر ئیسلام حسێبن دەڕوانێتە هەڵس و کەوتیان و رقیشیەتی لە ئیسلام ..

مامۆستا گوتی هەر لەخۆشمەوە ئەو قسەیە ناکەم، و نموونەی واقیعیم پێیە، لەساڵەکانی هەشتادا چووم بۆ بەغداو برادەرێکم کەلە زانکۆ پێکەوە دەمانخوێند بۆی گێڕامەوەو گوتی: دکتۆر (ح) دەناسی؟!

گوتم: ئەی چۆن؟! مەگەر مامۆستای خۆمان نەبوو؟ !

گوتی: دکتۆر رۆیشتبوو بۆ بەریتانیا و لەم ماوەیەدا گەڕایەوەو چووین بۆلای و شتێکی سەیری بۆ گێڕاینەوە..

گوتم: چۆن؟!

گوتی: بۆی گێڕاینەوە کە سەری لە مەرکەزی ئیسلامی بەریتانیا داوە، و لەوێ کوڕێکی لاوی دیووە کە گریاوە، پرسیاری کردووە: ئەو کوڕە بۆچ دەگریێ؟

ئەوانیش گوتوویانە: لەخۆی بپرسە، ئەمیش رۆیشتووە بۆلای، و پاش سڵاو لێی پرسیوە: براگیان! ئەوە بۆچ وا دەگریت؟

دەڵێ: ئەویش پێی گوتم: مامۆستاگیان! وازم لێ بێنە.. با بەدەردی خۆمەوە بناڵێنم!!

دەڵێ: گوتم: وەڵڵا وازت لێ ناهێنم.. دەبێ پێم بڵێیت..بەڵکو بتوانم یارمەتییەکت بدەم!!

دەڵێ: ئەویش پێی گوتم: مامۆستاگیان! کاتی خۆی من ماجستێرم هەبوو، لە زانکۆی سلێمانیدا مامۆستا بووم، لەروانگەی ئەو خەڵکەوە کەلەسەر ئیسلام حسێبن بۆ ئیسلامم دەڕوانی، و زۆر رقم لە ئیسلام بوو.. ئەوە حاجییە.. ئەوە شێخە.. ئەوە سۆفییە.. ئەوە دەروێشە.. مەلایە..تاد.. تەنیا بەوەوە نەوەستام، خەڵکێکی زۆریشم کردە دوژمنی ئیسلام..ئێستاش هەرچی بیری لێ دەکەمەوە داخ بە دڵمدا دەچێت و خەفەتی پێ دەخۆم!!

ئاخر من بۆچ لێکۆڵینەوەیەکم نەکرد؟ بۆچ دیراسەیەکی ئیسلامم نەکرد؟ جیاوازی من و نەخوێندەوارێک چی بوو؟ وەک خوێندەوارێکی رۆشنبیر با لەبارەی ئیسلامەوە چەند کتێبێکم بخوێندایەتەوە!! بەڵێ، تاهاتمە ئێرە و دکتۆراکەیشم تەواو کرد، من هەر کوێرانە دوژمنی ئیسلام بووم، تابەهۆی ئەو دکتۆرەی برادەرمەوە لەئیسلام شارەزابووم- خوا پاداشتی بەخێر بداتەوە- ئێستا دەزانم ئەو ئیسلامە چەند جیاوازە لەهەڵس وکەوتی

خەڵکە بەناو موسوڵمانەکە.. لەڕاستیدا من لە حەنای ئیسلامدا کوێر بووم! ئێستا کە چاوم کراوەتەوەو لەئیسلام حاڵی بووم، دەبینم ئەو دەستوور و یاسایانەی من عەوداڵیان بووم و ئاواتە خوازیان بووم، لە ئیسلامدا هەن!! جا ئێستا من کە لە سایەی خوداوە رێی راستم دیوەتەوە،و خودا هیدایەتی داوم، بۆ ئەوە دەگریم کە بێ ئاگایانەو بەناهەق ئەو هەموو خەڵکەم کردۆتە دوژمنی ئیسلام!!

دەڵێ: مامۆستا گوتی: منیش پیرۆزباییم لێکرد و پێم گوت: برام! چاری تۆ گریان نییە!! چاری تۆ ئەوەیە: بگەڕێیتەوە بۆ ناویان، وچۆن کردووتن بە دوژمنی ئیسلام، ئاوەهایش بیانکەیتەوە بە دۆستی ئیسلام، و راستەقینەیان بۆ روون بکەیتەوە!!

.#   #   #

## ئیسلام و کورد:

## بەشی (٢)ی

## ئەو موناقەشەیەی بیست و شەش ساڵ لەمەو بەر - لەنێوان پیاوێکی پڕکراو لە دوژمنایەتی ئیسلام و مامۆستایەکی ئاینی لەئاهەنگێکی ژن مارە بڕیندا - رووی دا:

**کۆمەڵێ گومان:**

ئینجا مامۆستای ناو کۆڕەکە گوتی: برایان! من لەو بڕوایەدام، کام لەوانەی ئێستا خۆی بەدوژمنی ئیسلام دەزانێ، ئەگەر بوارێکی بۆ هەڵ بکەوێ و وەک ئەو دکتۆرە لە ئیسلام شارەزابێت، وەک ئەو دەگۆڕێت، و دەبێتە دڵسۆزترین کەس بۆ ئەو دینە..

ئالەم کاتەدا یەکێک لەناو کۆڕەکەدا خۆی پێ نەگیرا، و گوتی: کام ئیسلام؟! ئەو ئیسلامەی دەوڵەتی کوردی لەناو برد؟! ئەوەی خاکی داگییر

کردین؟! ئەوەی ماڵ و سامانی تاڵان کردین؟! ئەوەی نەخوێندەواری و نەزانینی لەناوا بڵاو کردینەوە؟! ئەوەی خەڵکەکەمانی کردە عەرەب؟! ئەوە کەی شیاوی ئەوەیە خۆشمان بوێت؟! چ جای ئەوەی دیراسەی بکەین و شوێنی بکەوین؟!!

**پووچەڵکردنەوەی گومانەکان:**

مامۆستایش زۆر لەسەر خۆ گوتی: گیانەکەم! کەمێ لەسەر خۆبە، کێشەکان بە هەڵەشەیی و هەڵچوون چارەسەر ناکرێن!! وادەبێ هەڵەشەیی تاوێک پەشیمانی سەد ساڵی بەشوێنا دێت، ئەم قسانەی بەڕێزت هەموویان تەڵقینین و هیچیان زانیارییانە نیین!!

گوتی: چۆن؟

مامۆستا گوتی: تۆ خوێندەواریت هەیە، دەبێ مەسەلەکان بە دەلیل و ژیربێژی بسەلمێنرێن.

گوتی: لەتەکتام..

مامۆستا گوتی: بائێمە یەک بەیەکی قسەکانت شی بکەینەوە، لێیان بدوێین.

گوتی: زۆر باشە!!

مامۆستا گوتی: با مێژوو لە نێوانماندا بکەینە داوەر، و سەیرێکی نەخشەکانی جوگرافیایش بکەین..

گوتی: پێم پەسەندە!!

**١- رووخانی دەوڵەتی کورد:**

مامۆستا گوتی: ئەوسەردەمەی ئیسلام هات و دەوڵەتی ئیسلامی تیا دروست بوو، دەوڵەتی کوردی هەبوو؟

گوتی: بەڵێ..!

مامۆستا گوتی: ناوی چی بوو؟

گوتی: نازانم..بەڵام پێم وابێ ساسانییەکان بوون!!

مامۆستا گوتی: ئەم قسەیەی دواییت بەڵگەیە لەسەر بێ ئاگابوونت لە مێژوو..!!

گوتی: چۆن..؟

مامۆستا گوتی: پاش لەناوچوونی دەوڵەتی (میدیا) لەلایەن (کوورش)ی شای فارسەوە،لەساڵی ٥٥٦ پ ز، هەندێکیش پێیان وایە لەساڵی ٥٥٠دا دەوڵەتی میدیا رووخێنرا.. ئیتر ئێمەی کورد دەوڵەتمان نەما، و خاکمان لەنێوان دوو دەوڵەتی گەورەی فارس و رۆمەوە دابەش کرا.. بۆ ئاگاداریشت دەوڵەتی ساسانی دەوڵەتێکی تۆخی فارسی بوو، ئینجا ئەوەش بزانە کە ئیمپراتۆریەتی رۆم و فارس سنووریان لەسەر خاکی کوردستانی ئەمڕۆی ئێمەدا بوو..!!

سسنووری دەوڵەتی ساسانی لەرۆژئاوادا رووباری (دەجڵە- دیجلە)بوو، سنووری رۆژهەڵاتی دەوڵەتی رۆمیش رووباری فوڕات بوو، ئەم دوو دەوڵەتە هەمیشە لەسەر خاکی نێوان ئەم دوو رووبارە شەڕیان بوو..

ئەگەر فارسەکان هێرشیان بکردایەتە سەر رۆمەکان و سەرکەوتنیان بەدەست بهێنایە، دەگەیشتنە رووباری فورات، لەهەموو مێژووی شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا تەنیا دوو جار رێکەوتووە فارسەکان لەو سنوورە تێپەڕن، ئەوەبوو جارێکیان گەیشتنە نزیکی قوستەنتینییەی پێتەختی رۆم. مەبەست ئەوەیە تەنیا دووجار گەیشتونەتە ئەو دیو فوراتەوە.

ئەگەر رۆمەکانیش فارسەکانیان بشکاندایە، تا رووباری دەچلە راویان دەنان، هەندێ جاریش رێکەوتووە لەوسنوورە تێپەڕن، بەڵام زۆر کەم بووە..

کەوابوو ئێمەی کورد نیوەی خاکمان لەژێر سمی ئەسپی سوارەی رۆم و ئەو نیوەکەی تریشی لەژێر چەکمەی سەربازانی فارسدا بوو..کاتێ ئاینی ئیسڵام دەرکەوت، و دەوڵەتی ئیسلامی دروست بوو ئەمە حاڵی خاکی کورد بوو، کام قەوارەو کام دەوڵەتمان بوو تا ئیسلام لەناوی ببات؟!!

یەکێک لە دانیشتوانی ناو کۆڕەکە گوتی: کەوابوو فارسەکان بوون دەوڵەتی گەورەی ماد "میدیا" یان رووخاند، و رێیان نەدا جارێکی تر دەوڵەتی کوردی دروست ببێتەوە، نەک ئیسلام. ئیتر بۆ ئەم بوختانە بۆئیسلام دەکەن و دەڵێن:" ئیسلام دەوڵەتی کوردی لەناو برد"!

یەکێکی تر لە دانیشتوانی ناو کۆڕەکە گوتی: ئەمە حەقیقەتێکی مێژووییەو پێویستە هەموو یەکێک لە ئێمە بیزانێ، تا وەک ئەو بەڕێزە بەهەڵەدا نەچێت!!

# # #

## ئیسلام و کورد:

## بەشی (٣)ی

## ئەو موناقەشەیەی بیست و شەش ساڵ لەمەو بەر - لەنێوان پیاوێکی پڕکراو لە دوژمنایەتی ئیسلام و مامۆستایەکی ئاینی لەئاهەنگێکی ژن مارە بڕیندا - رووی دا:

**٢- داگیير كردن:**

وا بزانم لەوەڵامی خاڵی پێشوەوە مەسەلەی (داگیير کردن) کەرەخنەی دووەمی بوو لە ئیسلام پووچەڵ بوویەوە، بەڵام بۆ زیادە روونکردنەوە، بەپێویستی دەزانم هەندێ لەقسەکانی مێژوو نوسی کورد مامۆستا ( قەفتان) تان بۆ باس بکەم، کە لە کتێبی " مێژووی نەتەوەی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ"دا نووسیویەتی، لەگەڵ ئەوەدا مامۆستا وەک لەنووسینە

کانیەوە دەر دەکەوێت باوەڕی بە ئیسلام نەبووە، بەڵام بزانە لەوبارەوە چی لێ وەردەگیرێت؟!!

لەباسی موسوڵمان بوونی میللەتی کوردا هەندێ راو بۆچوون دێنێت، تەتەڵەیان دەکات، و دوای شەن وکەو کردن لە بێژنگیان دەدات، و پاشان پەرچیان دەداتەوە، و دەڵێت: " موسوڵمان بوونی کورد بەهۆی سیاسەتەوە بووە "[١] ئینجا شەرحی ئەو سیاسەتەش دەکات و دەڵێت:" کاتێ عەرەبەکان هاتن، هەرچی زەوی کشت و کاڵە کردیانە زەوی ئەمیری، و پاشان دابەشیان کردەوە بەسەر جووتیارەکاندا... ئەو جوتیارانەی کە لەوە پێش لەدەبەشدا چوار بەشی بەرهەمەکانیان بۆ دەهێشتنەوە، لەم سەردەمە نوێ یەدا تەنیا بەشێکیان لە دەبەشدا لێ وەردەگرتن، وئەوەشیان دابەش دەکردەوە بەسەر هەژار و نەداری ناوچەکەدا، بەتەبیعەتی حاڵ مەمنونیان بوون، و موسوڵمان بوون "[٢]

ئایا داگییر کەر کامەیە؟! داگییرکەر ئەوەیە خوێنت بمژێت و خێر وبێرت بە تاڵان ببات، نەک ئەوەی لەدەست خوێنمژ رزگارت بکات و خێرو بێرەکەت بۆ بگێڕێتەوە..

مامۆستا گوتی: کاکە گیان! ئەگەر ئیسلام خاکی ئێمەی داگییر بکردایە، دەبوا وەک رۆم و فارسەکان خوێنیان بمژینایە، و بیان چەوساندینایەتەوە.. یەکێ لە دانیشتوان گوتی: قوربان! ئەم گومانەش مێژوو پوچی کردەوە،و بەشایەتی مێژوو ئاینی ئیسلام لەدەستی داگییر کەران رزگاری کردوین.. لە ٢٠١٨/٠٥/٢٧ بڵاوم کردەوە.

# # #

## ئیسلام و کورد:

## بەشی (٤)ی

**ئەو موناقەشەیەی بیست و شەش ساڵ لەمەو بەر - لەنێوان پیاوێکی پڕکراو لە دوژمنایەتی ئیسلام و مامۆستایەکی ئاینی لەناهەنگێکی ژن مارە بڕیندا - رووی دا:**

**٣- تاڵان کردن:**

مامۆستا گوتی: کاکە گیان**!** خاڵی سێهەمی رەخنەکانت لەوانی تر پووچەڵترە.. چونکە کاتێ سوپای رزگاری خوازی ئیسلام هاتووە، لەتەک ئەو دوو زلهێزەدا جەنگیوە، جەنگی ئیسلامیش لەپێناو خاک و ئاو، و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ کاڵا فرۆشتن نەبووە، بەڵکو لەپێناو عەقیدە و بیر و باوەڕدا بووە..

واتە ئیسلام دەیەوێت مرۆڤایەتی لە مرۆڤ پەرستن، و دار و بەرد پەرستننەوە بۆ پەرستنی خودای تاک و تەنیا ببات، و بۆ ئەم مەبەستەش هەرهێزێک لە رێیدا بوەستێت لێی دەدات و لەناوی دەبات، تاخەڵکی لە وەرگرتنی بیر و باوەڕدا ئازاد بن..

جا ئەوانەی کە بەرژەوەندییان لەگەڵ هێزی دەسەڵاتدارایە بێگومان بەرەنگاری ئیسلام دەبن.. چونکە ئەوەی تائێستا خۆی بەخودای ئەو خەڵکە ناساندووە، رازی نابێت لە ئەرک و مافدا وەک هەژارترین وبێ دەسەڵات ترین کەسی ناو کۆمەڵگە وابێت.. لەبەر ئەوە چی لەتوانایدا هەبووە بەکاری هێناوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم ئاینە نوێ یە**!!**

لەبیرمان نەچێ هێزی ئەو سەردەمەی فارسیش بۆ پارێزگاریکردن لە رژێمی پاشایەتی و ئاغاو دەرەبەگی و باوی ناوخۆ بووە،چونکە پێیان وابووە پاشاکان نەوەیەکی پیرۆز و موقەددەسن، و خوای سەرزەوین، لەبەر ئەوە شەڕێکی سەر و مڕییان کردووە..

پرسیارێک لێرەدا دێتە پێش: ئایا ئەوهێزەی لەجەنگدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا چی دەکات؟

ئایا دەستکەوتی ناوێت؟ ئایا کەرەسەو پێویستییە جەنگییەکانی هێزی تێشکاو نابات بۆ خۆی؟!

حیسابی میللەت هەمیشە لە حیسابی دەوڵەت جیاواز بووە، مەگەر کاتێ ئەویش بەرگری لە زاڵم کردبێت! ئەوکاتە ئەویش هەر حسابی ئەوی بۆ کراوە.. هەروەک ئێوە..ئایا ئێوە لەدژی زوڵمی بەعس چەکتان هەڵنەگرتووە؟ ئایا ئەوکوردەی بەرگری لە بەعس بکردایە و پارێزگاری رژێمەکەی ئەو بوایە هەمان حسێبی بەعستان بۆ نەدەکرد؟

گوتی: بەرێ وەڵلا!! بەڵام ئەمان ژن و منداڵیشیان بە تاڵان بردووە!!

مامۆستا گوتی: ئەگەر وابوایە بەوشێوەی تۆ دەڵێیت، دەبوا کوردێک لەم خاکەی خۆیدا نەمایەتەوە، و هەمووی بۆ عەرەبستان ببرایە،و لەوێ وەک کۆیلە بفرۆشرایە، و کوردستانیش ئاوەدانی تیا نەمایەتەوە!!

کەوابوو مانەوەی کورد لە جێی خۆیدا، و نەبوونی ناوێک لەناو خزمەتکارەکانی عەرەبستاندا، بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ناراستبوونی ئەو قسەیە!!..

# # #

**ئیسلام و کورد:**

## بەشی (٥)ی

## ئەو موناقەشەیەی بیست و شەش ساڵ لەمەو بەر - لەنێوان پیاوێکی پڕکراو لە دوژمنایەتی ئیسلام و مامۆستایەکی ئاینی لەئاهەنگێکی ژن مارە بڕیندا - رووی دا:

**٤- نەزانیین و نەخوێندەواری:**

ئایا هەروەک تۆ دەڵێیت: ئیسلام نەخوێندەواری و نەزانینی لەناودا بڵاو کردینەوە؟!

ئەگەر سەرێکی مێژوو بدەین، لەپێش هاتنی ئیسلامدا زاناو دانایەکی خۆمان لەناو مێژوودا نابینینەوە.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نەخوێندەواری تەواو باڵی بەسەر خاکماندا گرتووە، ئەگەر وا نەبوایە دەبوا چەند زانایەکی خۆمان بناسیبایە!!

ئەدی پاش هاتنی ئیسلام؟ ئەگەر دەتەوێ باناوی صەدەها زاناو دانای کوردت پێ بڵێم، خۆ ئەگەر سەیرێکی کتێبی "زاناکانمان لەخزمەتی دین و زانیاریدا" بکەیت، کە دانراوی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسە، سەرسام دەبیت!!

یان ئەگەر سەرێ لەکتێبی "مەشاهیری کورد"بدەیت کەمامۆستا بابا مەردۆخی کوردستانی نوسیویوتی، ئەوکاتە دەزانی کە پاش هاتنی ئیسلام، ئێمەی کورد چەندەها زانای پایە بەرزمان تیا هەڵکەوتووە؟! بێگومان ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە، کە ئیسلام لە تەک خۆیدا زانیاری ورۆشنبیری هێناوە بۆ ناوچەکە. لەهەرشوێنێکدا مزگەوتێکی تیا بووبێ -بەزۆری- قوتابخانەیەکیشی لەئامێزدا بووە، کەبەخۆڕایی دەرسی تیا گوتراوەتەوە، وخەڵکی بۆ خوێندن و خوێندەواری هانداوە!!..

ئەگەر دوای هاتنی ئیسلام سەیری مێژووی خۆمان بکەین هەزاران گەورەپیاو، و زانای پایە بەرزی خۆمان دەبینیین، وەک: (ئیبنو سەلاحی شارەزووری)، (ئیبنو خەلەکان)و (ئەحمەدی خانی)، و (مەلای جزیری)...و هتد. زیاد لەوە پیاوی وامان تیا هەڵکەوتووە کە پێشەوایەتی جیهانی ئیسلامی کردووە، وەک: سەلاحەددین...تاد.

کاکی خۆم! ئەگەر ئیسلامیش داگیرکەر بوایە، مێژووی دوای هاتنی ئیسلاممان وەک مێژووی پێش هاتنی ئیسلاممان وادەبوو!!

یەکێ لە ئامادەبوانی کۆڕەکە گوتی: مامۆستا! کەوابوو ئەو رەخنەیەش بوختانێکی گەورەیەو ناحەزانی ئیسلام خستویانەتە سەر زاری بێئاگانی نەتەوەکەمان..!!

# # #

**ئیسلام و کورد**

**بەشی (٦)ی**

**ئەو موناقەشەیەی بیست و شەش ساڵ لەمەو بەر - لەنێوان پیاوێکی پڕ کراو لە دوژمنایەتی ئیسلام و مامۆستایەکی ئاینی لەئاهەنگێکی ژن مارە بڕیندا - رووی دا:**

**٥- بەعەرەبکردنی خەڵکەکە:**

ئینجا مامۆستا رووی کردە ناڕازییەکە وگوتی: کاکی خۆم! ئەگەر سەیرێکی نەخشەی کوردستان بکەین، و سەرێ لەمێژوو بدەین، دەبینیین تەنیا لەژێر ئاڵای ئیسلامدا، خاکی کوردستان یەکپارچە بووە!! ئەوەبوو لەکاتی کزبوونی خەلافەتی ئیسلامیدا کوردستان کرایەوە بە دوو پارچە، بەشی هەرەگەورەیان لەژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانلیدا بوو، ئەوبەشەکەی تریشیان لەژێر دەسەڵاتی ئێرانییەکاندا بوو..بەڵام پاش جەنگی جیهانی یەکەم و دەسەڵات پەیداکردنی ئیستیحماری رۆژئاوایی

بەسەر ناوچەکەدا، خاکی کورد ئەنجن ئەنجن کرا،و لەدوو بەشەوە کرا بە پێنچ بەش!! بەشێکی رووسەکان بردیان،و بەشێکی تری تورکە کان، پارچەیەکی تری ئێران، ودوو بەشەکەی تریشی بۆ عیراق و سووریە.!

ئێستا منیش لەتۆ دەپرسم: کاتێ ئیسلام هات کوێی کوردستانی کردە عەرەب؟! ئەوە بەشەکەی ئێران، و روسیا، و تورکیا هیچ..چونکە ئەوان لەبەردەستی عەرەبدا نەبوون.. لەگەڵ ئەوەدا بەشی هەرە زۆری کوردستانیش کوردستانی رۆژهەڵات و باکوورە، دەمێنێتەوە کوردستانی باشوور و خۆرئاوا.. ئەم دوو پارچەیەی لەژێر دەسەڵاتی عیراق و سووریەدا بوون..

سنووری کوردستانی باشووریش زنجیرە چیاکانی حەمرێنە، ئایا تا پێش هاتنی حیزبی بەعسی سۆشیالیست، کوێی ئەو خاکە کرا بەعەرەب؟ چ شوێنێکی تەعریب کرا؟!

لەهەموو مێژووی هەزار و چوار سەد ساڵەی ئیسلامدا عەرەب لە خاکی (جەلەولا) تێ نەپەڕیوە، کە جەلەولا لەسەر لێوارەی زنجیرە چیای حەمرینە..

بەڵام لەسەردەمی (سۆشیالیستی عەرەبیدا) ناوچەی خانەقین و شەنگال وکەرکووک و خانەقین کرا بە عەرەب، ئەگەر رژێمە ئیسلامییەکان لەماوەی ئەم هەزار و سێ صەد سەد ساڵەی دەسەڵاتیاندا، وەک ئەم بیست ساڵەی رژێمە چەپی و سۆشیالیستەکان تەعریبیان دەست پێ بکردایە ئایا کوردستانی ئێمە شوێنەواریشی دەما؟

بەشی زۆری دانیشتوانی کۆڕەکە گوتیان: نەوەڵلا..

**بە عەرەبکردنی باکووری ئەفریقا:**

ئینجا ئەوەی رەخنەکانی دەگرت گوتی: من ناڵێم: کوردستانیان کردۆتە عەرەب، بەڵکو باکووری ئەفریقایان کردۆتە عەرەب!!

مامۆستایش گوتی: ئێمە بۆمان نییە ئازادی میللەتان زەوت بکەین، بامن نموونەیەکت بۆ بێنمەوە، ئایا دانیشتوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموویان ئینگلیزن؟!

گوتی: نە..

مامۆستا گوتی: بەڵام زمانی فەرمی ئەو وڵاتە، زمانی ئینگلیزییە.. نیوزیلەندە، و ئوستralیا زمانی فەرمیان ئینگلیزییە، زمانی فەرمی کەنەدایش – جگە لەهەرێمی کیبک، کە بە فەرەنسی قسە دەکەن - زمانی ئینگلیزییە..

ئەم وڵاتانەی باسمان کردن ماوەیەک ئینگلیز حاکمیان بووە، وازیان لەزمانی خۆیان هێناوەو زمانی ئینگلیزییان بە زمانی شارستانییەت زانیوەو ئەو زمانەیان کردۆتە زمانی فەرمی خۆیان، بەلام هەر ئەو ئینگلیزەش لە عیراقدا حاکم بووە، بەڵام خەڵکی عیراق بە کورد و عەرەبیەوە وازیان لەزمانی خۆیان نەهیناوەو ئینگلیزییان نەکردۆتە زمانی فەرمی وڵاتەکەیان..

ئایا ئینگلیز بەزۆر کەنەدا و ئەمریکا و ئوسترالیا و نیوزیلەندەی کردە ئینگلیز؟ئەگەر وابوایە پاش رۆیشتنی ئینگلیز وازیان لێ دەهێنا..

ئیستا ئەم پرسیارە خۆی قیت دەکاتەوە: ئایا بۆچی دەوڵەتی ئیسلامی کورد و تورک ئێرانییەکانیان نەکردە عەرەب، و باکووری ئەفریقایان کردە عەرەب؟

تەنیا وەڵام ئەوەیە باکووری ئەفریقا زمانی شارستانییەتیان نەبووە، پێیان شانازی بووە بەعەرەبی قسە بکەن.. لەبەر ئەوە وازیان لەزمانەکەی خۆیان هێناوە!!

ئینجا مامۆستا گوتی: پێم خۆشە ئینسان تفەنگ بەتاریکییەوە نەنێ، و کویرانە قسە نەکات، و بێ ئاگایانە بوختان نەکات..

رەخنەگرەکە زۆر بەرق و داخەوە قسەی دەکرد،و لێوی سپی بووبوەوە،و باسەکەی گۆڕی بۆ شتانێکی تر..

یەکێک لە دانیشتوانیش گوتی: پێویستە هەموو کەسێک حەقیقەتی بخرێتە پێشچاو، و لە هەڵویستی ئیسلام حاڵی بکرێت ئەگەر نەش بێتە دۆستی ئیسلام بەلای کەمەوە دوژمنایەتی ناکات و جارێکی تر بوختانی بەدەمەوە ناکات!!.

# # #

**ئیسلام و کورد :**

**بەشی (٧) و کۆتایی**

**ئەو موناقەشەیەی بیست و شەش ساڵ لەمەو بەر - لەنێوان پیاوێکی پڕ کراو لە دوژمنایەتی ئیسلام و مامۆستایەکی ئاینی لەئاهەنگێکی ژن مارە بڕیندا - رووی دا:**

**هاوشێوەکانی ئەو رەخنەگرە دووجۆرن:**

**جۆرێکیان** ئەو قەومییانەن کە فیکری قەومییان هەیە، نەک سۆزی قەومایەتی..

**جۆرەکەی تریان** چەپە توند رەوەکانن، ئەوانەی خۆیان بەهەڵگری ئاڵای مارکسی لێنینی دەزانن..

هەروەک لەسەرەوە روونمان کردەوە ئیسلام بەرییە لەوبوختانانەی بۆی کرا.. بەڵام لە

فەرزی مەحاڵدا ئەگەر لەبەر ئەوە وازیان لە ئیسلام هێناوە کە ئیسلام وای لە کورد کردووە، ئەدی بۆ واز لە سۆشیالیستی ناهێنن کە حیزبی بەعسی سوریا و عیراق بەفەرمی ناویان: حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستە ..!! ئەوە قەومی عەرەبی سۆشیالیستە کەلە کوردستانی

عیراقدا زیاد له پێنج هەزار ئاوایی و شارۆچکەی کوردی وێران کرد و لەتەک خاکدا یەکسان کرد..با ئەوەش بوەستێ کە بە گازی کیمیاوی لەیەک رۆژدا نزیکەی دەهەزار کوردی کوشت و بریندار کرد و میللەتێکی ئاوارە کرد..

حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی سوریاش رەگەزنامەی سووری لە نزیکەی دوومليۆن کورد سەندەوە، ولەسەر خاکی خۆیاندا بە کۆچەر لەقەڵەمی دان، و لەهەموو مافێکی هاونیشتمانی خۆیان مەحرومی کردن!!

لەوانەیە بڵێن: ئەوانە تەزویریان کردووە و سۆشیالیست نین!!

ئەڵێین: کێشە نییە، ئەگەر ئەمانە بە سۆشیالیستی ئەسڵ نازانن ئەدی رووسیای شۆرەوی؟ خۆ ئەوەی (ستالین) بە کوردی کرد، مەگەر (ماو) بە تورکستانی چینی کردبێت..!! تەنیا خود موختارێکیان لە شۆرەویدا هەبوو ئەویشی هەڵوەشاندەوە، وکوردی بەدبەختی ئەو هەرێمەی وەک ئاردی بن دڕک بڵاوە پێکرد بەسەر کۆمارەکانی ئاسیای ناوەراستا.. بەبێ ئەوەی بستێ خاکیان هەبێ!! ئەدی بۆ کافر نابن بە مارکسیستی لینینیستی ، لەگەڵ ئەوەدا ئەو تاوانە گەورەیان بەرامبەر کورد کرد؟!

ئەدی بۆ کافر نابن بە فیکری قەومایەتی؟ کەبەدەستی کەمال ئەتاتورکی قەومی و حیزبە تۆرانییەکەی کورد لەتورکیادا کرا بە تورکە کێویلە.؟!

کەوابوو مەسەلە ئەوە نییە .. بەڵکو مەسەلە دوژمنایەتیکردنە لەگەڵ دیندا.. بەڵام با باش بزانن خوا دەفرموێ:" يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ " الصف/٨. واتە: دەیانەوێت نووری خودا بە فوو بکوژێننەوە، بەڵام خودا نووری خۆی کامڵ و تەواو دەکات، هەرچەندە کافران پێیان ناخۆش بێت..!!

رووداوی حەفتا ساڵەی رووسیا، و چل ساڵەی ئەنوەر خۆجە لە (ئە لبانیا) ئەم حەقیقەتەیان سەلماند، پێش ئەوانیش حیزبی قەومی نازی لە ئەڵمانیا، و حیزبی قەومی ئیتالیا "فاشیست" جێی تێڕامانە!!

١٩٩٢/٠٥/٢٥ کوەیتە- پێتەختی بلوچستانی پاکستان.